دانپیانان:

# سەقەتی دەستی حکومەتی عەرەبی

عەباس شوان/ فینلاند
2007.11.3

4ی تشرینی دووەمی 1983 لەوێستگەی پاسی سەهۆڵەکە لەچاوەڕوانی مەوعیدێک لەگەڵ یەکێک لەڕێخستنەکانی کۆمەڵە / یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووم. لەکاتی دیاریکراودا نەهات و دواکەوت، بۆیە زۆر مامەوە، لەپڕ ئوتۆمبێلێک بەتیژی دەرۆیشت، لێم تێپەڕی و بەبەگ گەڕایەوە. چەند کەسی لێدابەزی، دەیانناسیم منیش سیان لەوانم دەناسی کە ئاسۆی قومری و نوری ... و کەسێک تر ناوەکەیم لەبیر نەماوە، ئەو دووانەییان منالی گەڕەک و هاوڕێی منالیم بوون. ئەوانە ئەو کاتە لەدژی پێشمەرگە و شۆڕش و ئۆپۆزسیۆن هاوکارێکی زۆر دڵسۆزی حکومەتی عەرەبەکان بوون.



سواریان کردم بردمیان بۆ بارەگای جەیشی شەعبی ناسراو بە شەهید عوسمان لەسەرەتای گەڕەکی تووی مەلیک. تاوانبار بوم بەوەی پێشمەرگە بووم، هەروەها کوشتنی وەتبان* ناوێک کە بەڕێوەبەری فەرمانگەی دار ئەلوتەنی لنەشر وە تەوزیع بوو.

پاش ماوەیەک لەوێوە ڕەوانەی فەرمانگەی ئەمنیان کردم لە گەڕەکی عەقاری بەرانبەر بە فیرقە و کارگەی جگەرە و تەنیشت ئوتێل سەلام. لەوێ بەرەو ژووری تەعزیب برام و لەدواوە بەدەست بەستراوی بەبنمیچی ژوورەکەوە هەڵیان واسیم، بەکێبڵ زۆریان دا بەپشت و ڕان و سمت و بەری پێمدا، دوای ماندوو بوون وازیان لێهێنام، ژوورەکە تارک بوو، گڵۆپێک وەک هی سفر بێت وا بوو پێ بوو، مۆسیقایەکی توند وەک ڕەشەبا و ژاوەژای لەگەڵدا بێت کردەوە. نازانم چەند بە هەڵواسراوی مامەوە. ئیتر بردمانە ئەو شوێنەی زیندانییەکانی تری لێ بوو. نازانم چۆن ڕۆژم کردەوە چی گوزەرا. بۆ ڕۆژی دوایی بردمیانە ژووری بەڕێوەبەر، زۆر هەوڵیاندا دان بەوەدا بنێم کە وەتبانم کوشتووە، بێ سوود بوو. تەئکیدم دەکردە سەر ئەوەی کە من ئاگام لەو کارە نییە و خۆشتان ئەوەی کوشتویەتی کوشتووتانەتەوە. زۆر وترا، کەمم بیست. ناچار وتیان ئازادت دەکەین، بەڵام وەک سێبەر بەدواتەوە دەبین، دەبێت هاوکاریمان بکەیت، فلان ڕۆژ دەبێت سەردانمان بکەیتەوە. لەدڵی خۆمدا وتم خوا دەکات بەرم دەدەن، ئەو کات خۆم دەزانم چۆم ون دەبم.

بەپێ لەفەرمانگەوە بەرەو ماڵ بومەوە، زوو زوو ئاوڕم دەدایەوە تا بزانم کەسیان دوا نەخستووم، ماڵمان لەخانووە بێتاپۆکانی و گەڕەکی دۆمان بوو. کە لەدوورەوە دەرکەوتم دراوسێیەکمان بەدی کردم بەڕاکردن چوو خۆی کرد بەماڵدا، نەگەیشتمە بەردەرگا دایک و ژن و منالە کۆرپەکەم، بەرەوپیرم هاتن.

وەک چۆن خۆم بڕوایان نەدەکرد، ئەوانیش بەهامان شێوە دەستیان لێشۆردبووم. ئیتر لەو کاتەوە بۆ زیاتر لە شەش مانگ نان و ئاویان دەکرد بەدەمەوە و دەیانشۆردم.

لەخەستەخانەش بۆ ماوەیەکی زۆر چارەسەری سروشتیان بۆ نووسیبوم و کارەباو شتی تر کە بیرم نەماوە لەدەستیان دەدام، تا کەمێک هاتمەوە سەرخۆ.

ماڵی خۆم لەهەمان گەڕەک بوو دڕواسێی ماڵی سدیقی چایچی بوو، لەسەر ئەو شیوەی کە ببووە سنووری گەڕەکی خەبات گەڕەکی کانی دۆمان و خانوە بێتاپۆکانی مەلا کەمالی پارێزەر. دیار بوو فەرمانگەی ئەمن، لەسەر وەعدی خۆیان کە نەچوومەوە بەهۆی ئاسۆی قومرییەوە هاتبوونە گەڕەکمان، ماڵەکەمانی بەتەواوی نەزانیبوو، لەکوێدایە، بەپەنجا مەتر دوور لەدوکانی وردەواڵەفرۆشێکی بەتەمەن، هەواڵی ناونیشانی ماڵمانی پرسی بوو. ئەویش زانیبووی پیاوی ڕژێمن وتبووی نازانم و کەسی وا ناناسم. هەر لەبازاڕەوە بهاتمایەتەوە، دەبوایە بەبەردەمی ئەو دوکانۆچکەیەدا بڕۆم، بانگی کردم، وتی: چەند چەکدارێک هەولی تۆیان پرسیوە.

ئیتر جدییەتی حکومەتم بۆ دەرکەوت، بەخاووخێزانەوە خۆمان گوم کرد.

---------

* وەتبان.....گەر بەهەڵەدا نەچووبم، عەرەبێکی خەڵکی شاری حەویجەی نزیک کەرکووک بوو. بۆ ماوەی چەند ساڵ بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە بوو، ئەندامێکی چالاکی حیزبی بەعس بوو، زۆر دژی کورد و ئەوانەی کە بیزانیایە لایەنگری پێشمەرگەن، بەتایبەتی کەسێکی وەک من کە دەیزانی خاوەن شەهیدم، ئیتر جۆرەها بروبیانو و شەری لابەلای پێدەگێڕام، هاوکات کەسێکی داوین پیس بوو. بەئاشکرا هەولی تەعداکردنی لێدەکردن، بەداخەوە، یەکدوو کارمەندی کچ بەداوییەوە ببوون!
پێشمەرگەکانی ناوشار و ڕیخستنی کۆمەڵە و یەکێتی لەبۆسەدابوون بۆی تا زرمەی لێهەڵبسێنن. هاوکات لەگەڵمدا زۆر ناکۆک بوو، چووبووم بەگژیدا و لەبەرچاوی کارمەندانی فەرمانگە پۆرتیم شکاندبوو، ترسام لەوەی دەستی لێبوەشێنن، بەسەرمدا دەشکێتەوە. بۆیە لەگەڵ بەرپرسی ئەو مەفرەزەیە کە شەهید وریای وەستا وەهاب ناسراو بە وریا ڕەش، دوام و مەسەلەکەم تێگەیاند، لەبەر خاترم بۆ ماوەیەک کارەکەیان ڕاگرت و نەیانویست بەو هۆیەوە تووشی سەریەشە ببم.

لەدوای ئەو دەمەقاڵێیەی لەگەڵ ناوبراودا کردم، بێئەوەی ئاگادارم بکاتەوە، فەرمانی گواستنەوەی خزمەتی بۆ فەمانگەی ڕێگاوبان دەرکردم. پاش ماوەیەک چوومە خزمەتی سەربازی ئحتیات بانگ کرام. لەشاری ڕمادی بووم دەزگیرانەکەی ئەوسا و ژنی ئێستام زەنگی بۆ لێدام کە ناوبراو فەرمانی گواستنەوەی دەرچووە و دەڕوات.

هەر لەوێوە زەنگم بۆ گەر بەهەڵەدا نەچووبم ڕێبوار سابیر کە ژن برای وریا بوو، لێدا و ئەو هەواڵەم پێراگەیاندن. پاش چەند ڕۆژێ زەنگم بۆ فەرمانگەی دەزگیرانم لێدا وەڵام نەبوو. دواتر نازانم زەنگم بۆ کوێ کە لێدا، پێیان وتم: قلیشاوەتەوە و سەرجەم کارمەندانی فەرمانگە لەسەر کوشتنی وەتبان گیراون.

تومەس وریا، بەیانی لەدەستپێکردنی دەوامدا، لەبەردەرگای فەرمانگەکە، بەر دەمانچەی دابوو.

-----------

بۆ زیاتر زنیاری تکایە سەردانی ماڵپەڕی نووسەر بکەن
http://abas.shiwan.googlepages.com